www.kurdistannet.org
9-11-2005 18:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەرۆکی شارەوانی ... ماڵپەڕەئازادەکان تەنها سندوقی سکاڵایی ڕاستەقینەی هاوڵاتیانن!!!

کاتێك وەڵامی حاکم قادرم خوێندەوە لەسەر هەندێ بابەت ئەم سەرنجانەم لادروست بوو. جەنابی حاکم بەحوکمی کارو پیشەو بڕواناماو تەمەنی ئەزمونەکەی، ئەبوایە وەڵامەکانی ئەوەندە توندو ئیهانە ئامێزو چاوسورکردنەوەی تێدانەبوایە، چونکە جەنابیان وەك باوکی خەڵکی شارن، وە خۆیان بە خاوەنی چواردە ساڵ لە ئەزموونی دیموکراسی ئەزانن، بۆ ئەبێت هاوڵاتیەك ڕاست یان هەڵە پرسیارێك بکات بەو شێوەیە ئاوا ئیهانە بکرێت.

پێدەچێت ئەم شێوازە وەڵامانە تەنها شێوازبێت کەبەڕێزیان بەکاری دەهێنن هەر لەبەر ئەوەیە بۆڵەبۆڵی پاشملە و زۆر شتی تر دروست بووە و پاشان سەر ئەکێشێت بۆ پەنگ خواردنەوە و دروست بوونی نارەزای و خۆپیشاندان، وەك ئەوەی لەهەندێ ناوچەی وەك کەلار و ڕانیەو ئاکرێ وزۆر شوێنی تر ڕوویدا.

بۆ ئەبێت هەر کەس پرسیارێك یان ڕەخنەیەکی گرت یەکسەر بەیەکێك لەم ناو نیشانانە ناوزەند بکرێت (تابوری پێنج، کۆنە بەعسی، تیرۆرست خواز، جاش و بەکرێگیراو) و هەتادوای.

وەلەبرامبەردا کاربەدەستان هەمیشە و هەردەم لە دوێنێ و ئەمڕۆ لەداهاتوودا خۆیان وخزم وکەسیان تەنها و تەنها شۆرش گێڕێتی تاپۆیانە. کەوابوو کەس نابێت بپرسێ، چەندە بودجەی شار ساڵانە و چۆن سەرف کراو کێن ئەوانەی وادەرنەچوون دز دەرچوون، خۆ بەهیچ پێوەرێك شیاو نییە چەند ساڵە دادگای چەند کەسێك نەکرێت لەسەر دزی و بەرتیل و خزمچێتی وگەندەلی و هەتا ئەوەی کە تەنها خۆتان ئەیزانن.

لەوەڵامێکدا ناوبراو بەرگری لەخۆی خەزوری دەکات و دەڵێت؛قسەکان هەمووی سەرلەبەری درۆیە، بەڵام لەناوەرۆك دا داندەنێ بەڕاستیەکان داو دەڵێت بۆچی پێتان ناخۆشە کەس وکارو خەزوری من خاوەنی موڵك و سەروەت بن و پاشان دەڵێ؛ بەڵێ خەزورم خاوەنی چەندین پارچە زەوی وکارگەی خۆیەتی بەکوێرای چاوی ئێوە، ئەمە لە کاتێك دا باس دەکات کە خەزوری تادوێنێ خاوەنی تەکسی بوو.
بەڕێزان تەنها دەلاقەیەك کەهاوڵاتی بێ ترس پرسیار و ڕەخنەکانی خۆی تێدا ڕاشکاوانە بخاتەڕوو ئەم ماڵپەڕانەیە، کە کاربەدەستان پێیان ناخۆشەو دەیانەوێت ماڵپەڕەکانیش سانسۆر یان تاپۆ بکەن و بڵێن ؛بڕیار خەڵکینە هەموو قووڕ و قەپ بن!!!

هێمن عەلی
هاوڵاتی